# ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی ٣٠ حوزەیران و پرسی دەستوور و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم

## کەمال میراودەلی


پاشکۆیەکی بۆ پەیگەیشتنەوەی دیموکراسی بەکگرتوو
بانگ
سیاسەت
4
کورتە هەواڵ
ئەدهەم بارزانی داوای خۆپیشاندان دەکات
بانگ/ئاژانسەکان: ئەدهەم بارزانی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیجی تایبەتی خۆی لەفەیس بوک عێراق داوای خۆ پیشاندان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات بەرامبەرخۆ پڕ چەککردنی عێراق و دەڵێت "پێویستە لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆ پیشاندان بکەن دژی خۆ پڕچەککردنی عێراق و گوشار بخەنە سەر چین و ڕوسیا تا لە گرێبەستەکانیان پاشگەز ببنەوە"
کەمال میراودەلی لەدیمانەیەکی بانگدا
"کودەتای تەزویر و خیـــ
ئەم دەستکەوتەی
سیاسەتمەداری کورد د.کەمال میراودەلی لەو دیمانەی ڕۆژنامەی بانگا چەند تەوەرێکی هەستیار دەوروژێنێ لەبابەت هەرێمی کوردستان و قسەکردن لەسەر بەرپرسانی ئێستای هەرێم، ئێمەش وەک خۆی دەقی دیمانەکەمان داناوە.
دیمانە: بانگ-تایبەت
بەشی یەکەم
من لەسێ ناوچەی یەکەم : گەرمیان و سلێمانی و هەولێر، زۆرینەی دەنگم هێنابوو،
تەنیا کودەتای تەزویر و سەپاندنی زۆرەملێی ٧٠%ی ئەنجامێکی ناڕاستی
بە مەسعود بارزانی دا و تەنیا خیانەتی سەرانی گۆڕان و بێدەنگی یەکێتی و
ئۆپۆزیسیۆن ئەم دەسکەوتەی بۆ بارزانی کردە حەقیقەت
بلۆکهێشت
عەمیدی ماف پەروەر
خالید عەباس ڕەشید
پۆلیس و کۆمەڵگا

1. گەرچی پرسیارو داواکاریی زۆر خۆشەویستانم لە ماوەی مانگی  رابردوودا پێگەیشت کە بۆچی دەربارەی خۆکاندیدکردنەوەم یان نەکردنەوەم  و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم گوایە لە ٩/٢١ دا هیچ نالێم و هەلوێستێک دەربارەی  ئەگەرەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم دەرنابڕم ، داوای لێبوردن دەکەم کە من هەر بێدەنگییم لێکرد ئەمەش خوانەخواستە لە بەر بەکەمگرتنی رای خەلک و فرامۆشکردنی نەبوو . راستیی من دەمێکە  و لە دەیان وتارو چاوپێکەوتندا زۆر بە سەختیی و خەستیی و تۆخیی جەختم لە سەر درۆبازیی ، ساختەچێتی ، فشەیی و بێیاسایی و قەرەقوشکاریی  هەموو بەلێن و بەیان و پلان و  راگەیاندن و نەخشەیەکی دەسەلات بە حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنەوە کردۆتەوە . ئەمە کاری ئەمڕۆ نییە و ئەزموونی زیاتر لە ٢٠ ساڵە : هەرچی دەیلێن  و دەیکەن و بەلینی بۆ دەدەن و  پلانی بۆ دادەنێن دەستووریی ، یاسایی ، ئەخلاقی  نییە و تۆزقالیک  راستگۆیی تیدا نییە و شایانی گرنگیپێدان و  خۆپێوەماندووکردن نییە .  نموونەیەک ، لە دەیان بەڵگە ، هەر لە چاوپێکەوتنێکی پاری مانگی ئۆکتۆبەر لەگەڵ هەفتەنامەی بانگ لە هەولێر ، یەکەم پرسیاریان دەربارەی  پرسی هەموارکردنەوەو گەرانەوەی دەستوور بوو بۆ پەرلەمان کە دوایی تا ئێشتاش ، ئەو  هەموو هەراو زەنا فشەیەی نایەوە دەیان وتاری فشەتری لە سەر نووسرا . لە بەر ئەوەی وەلامەکە درێژە لێرەدا تەنیا بەشێکی دەنووسمەوەو وێنەی چاوپێکەوتنەکەش لە گەل ئەم وتارەدا دانراوە :

پ1- نهێنی بەرگریکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەستوور چییە کە نایەوێ بگەڕێتەوە پەرلەمان و تا چەندە ئەو هەوڵەی پارتی پەیوەستە بە پۆستی سەرۆکی هەرێمەوە ؟ رای جەنابتان چییەو هاوکات تیبینیتان لەسەر هەوڵی یەکێتی و گۆڕان چیە کە دەیانەوی جارێکی تر دەستوور هەموار بکرێتەوە ؟

کەمال میراودەلی : بەداخەوە دەسەلات بە حوکمرانی و ئۆپۆزیسیۆنەوە هەمیشە دەتوانن ئەو ئەجندا بۆش و بێمانایەنەی خۆیان بسەپێنن و بکەنە بابەتی باسو خواسی خەڵک و  میدیا کە لە درۆو دووروویی و خۆخلافاندن و خەڵک هەڵخەڵەتاندن زیاتر نییە .

دەستووری چی ؟ کام پەرلەمان ؟!! دەوری پەرلەمان لە سیستمی بنەمالەیی حیزبیدا لە درۆیەکی گەورە بۆ هەڵلوشینی بودجە و پاکانەکردنی دەسەلاتی ناشەرعیی و تاوانی بەردەوامی دزیی و داگیرکاریی بەرامبەر خەلک زیاتر

چییه؟ ٢١ ساله کوا دەستوور ؟ له قسەکانی بارزانی و تاڵەبانی و رەمزە گەندەلەکانی تری دەسەلات دا دەتوانی له دوای ٢٠٠٥ ەوە تائێستا سەدان ئاماژە بە دەستووری عێراق بێنیەوە کە دەبێ هەموو شتێ بە پێی دەستوورو یاسا و تەوافوق بێ ؟ تەنیا یەک نموونەی قسەی تالەبانی پارێزەرو سەرۆک کۆمارو سەرۆک مافیاو یان بارزانی سەرۆک هەرێم و سەرۆک حیزب و سەرۆک خێڵ و سەرۆک بنەماڵەم بۆ بیێنەوە کە دەبێ لە کوردستاندا بە پێی دەستوور ویاساو دیمۆکراسی و داپەروەریی رەفتار بکرێ ؟ گەر بە رێکەوتی دەگمەنیش قسەیەکی وایان دەرپەڕاندرا بێ لە درۆو فێل زیاتر نییە.
لە وڵاتانی دیمۆکراتییدا رەمزەکانی دەسەڵات و کەسانی یەکەم دەبێ بیانەوێ و نەیانەوێ بە حوکمی پلە و پایەکەیان نموونەی دەستوور و یاساو راستگۆیی و دەستپاکیی و ئەخلاق بن ، یەکجار هەلەیان کرد لێبووردن بەرامبەریان لە لایەن خەڵکەوە نیشان دەدرێ ، دوو جار درۆیان کرد لە لایەن میدیای ئازادەوە ریسوا دەکرێن ، بوو بە سێ جار ترۆ دەکرین و وەلادەنرێن و لە بیر دەبردرێنەوە. لای ئێمە سەدی سەد بە پێچەوانەوەیە تا لە لوتکەی دەسەلات بەرزتر دەبنەوە ، درۆو ساختەچێتی و خیانەت و ناپاکی زیاتر دەبێ تا وای لێهاتووە سەرانی کورد لە بیرو وتەو رەفتاری خیانەت و درۆو ساختەچێتی و بێدەستووری و بێیاسایی و ىێمتمانەیی جیا نەکرێنەوە.
هەرشتێ ئەوان باسیان کردووە و باسی دەکەن لە درۆو دەڵەسە و خەلک هەلخەلەتاندن و کات کوشتن زیاتر نەبووە و نییە ، هەر لە باسی پەرلەمان و ماددەی ١٤٠ ویەکگرتنەوەی ئیدارەکان و هێزی پێشمەرگەو ئاسایش تا بودجەو جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت و گێرانەوەی ماڵ و ملکی گشتی و هەلبژاردن و دیمۆکراسی یەوە تا باس وبابەتی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردیی و سەندنەوەی متمانە لە مالکی و کۆنتراکتەکانی نەوت و پێوەندی دەرەوەو کۆمپانیاکان و تا گیڕانەوەی پرۆژەی دەستوورێکی مردوو کە سەدی سفر دەوری لە بەرێوەبردنی حوکم و ئیدارەی وڵات و ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی خەلک دا نییە و تەنیا گەمەیەکی ترە بۆ کات کوشتن و خەلک تەفرەدان و لەوانەشە بۆ کردنی ئەم کێشەیە بە بیانوویەک بۆ دواخستنی هەلبژاردنەکان .
من تا دوو ساڵ لە مەوبەر بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ بوو تەرجەمەم بۆ بی. بی. سی دەکرد . باوەڕ بکە لەم چەند سالەدا لەوانەیە ٥٠ راگەیاندنی تالەبانی و بارزانی و نێچیرو مەکتەبی ناسیاسییەکانیانم تەرجەمە کردبێ کە دەڵێن کە هەردوو ئیدارەکە یەکیان گرتۆتەوەو تەنیا هەندێ گرفتی

تەکنیکی بچووک ماوە . هەر پەنجا جارەکە درۆیان کرد و ئێستا خۆشیان دان بەوە دا دەنێن کە دوو ئیدارەی دوو بنەمالەیی هەبووەو هەیە . جا حکومات و دەزگای سیاسی دەرەوەو جیهانیی چۆن رێزی کەسانێک دەگرن کە ئەوەندە درۆ لە گەڵ میللەتی خۆیان و دنیاش دەکەن؟ بەلام تەنیا بەکاریان دێنن وەک دەلالی سیاسی و بازرگانی و بۆ مەبەستی تالانکردنی نەوت و سامان و سەرمایەی کوردستان.

باسی دەستووریش لە درۆیەکی بێشەرمانەی دیکە زیاتر نابێ و بۆ مەبەستی تەکتیکی هاتۆتە ئاراوە. درۆکانی دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆن وەک ئەو خۆڵبارانە پیسە وایە  کە بەردەوام ناو بەناو هەڵدەکاو شار دادەگرێ و بەرچاوی خەڵک دەگرێ و و دەم ولووت و قورگ وهەناوی خەلک پڕ دەکا، بەلام  لە کەمبینایی و بێزاریی و بێتاقەتی و نەخۆشی  و دەرد زیاتر هیچ بەرهەم و ئەنجامێکی تری نییە.
پارتی چ باکی بەگێرانەوەو نەگێرانەوەی دەستوورێک هەبێ کە دەوری سفری لە بریاردانی سیاسی و چاودێری دەسەلاتدا نییە ؟ ئەم رەمزە گەندەڵ و ئێکسپایارانەی دەسەلاتی حیزبیی بنەماڵەیی مافیایی ناتوانن هیچ بگۆڕن چونکە گۆڕان دەبێ بە گۆڕینی ئەوان دەست پێبکات. ئەم بابەتەی گێڕانەوەی دەستوور  لەم کاتەدا لە چ کاتێکدا هاتە ئاراوە؟ لە کاتی کۆبوونەوەی تاڵەبانی و نەوشیروان لە دەباشان و گوایە ئەمە بابەتی رێکەوتنی ئەم دوو لایەنە بووە. ئەمە، دوابەدوای گرتن و کوشتنی کەسێک لە ئاستی قایمقامی سلێمانی دێت بۆ شاردنەوەی گەورەترین تاوانی گەندەڵی و دزیی و بێدەنگی لێ دەکرێ،  لە کاتێکدا کە لە سلێمانی خێزانی تێدا سەردەبڕدرێ، لە رانیە پیاویکی ٦٩ ساڵی لە مالی خۆیدا خۆی دەکوژێ و، تا حەفتەیەک کەس پێی نازانێ ، گەنجان ون دەبن و لاشەکەیان دەدۆزرێتەوە، نەخۆشی سەرەتان و شەکرە بۆتە دیاردەو لافاو، ئاوی خواردنەوە بۆتە پەتای تاعون، دیاردەی خۆکوشتن و کوشتن، مردنی سەرجاددە، نەخۆشی دەروونیی و بێهیوایی، هەژاریی و جیاوازیی، نادادپەروەریی، گەندەڵی و داگیرکردنی زەویوزار و سامان،بێکاریی لاوان و دەرچووانی زانکۆکان، هتد زۆر زیاتر بوون. ژنکوشتن و دیاردەی  خۆسووتاندن زیادی کردۆتەوە، سلێمانی وەک لە هۆنراوکەمدا بۆ تالەبانی وتوومە لە شاری رۆشنبیریی و کوردایەتییەوە کردراوەتە 'شاری گەندەلی و گەوادیی و گرانیی" و بێدادیی و بەرەلایی و پەتاو مەرگی بەلاش. کراوەتە گەندەڵخانەیەکی بۆگەن و خەستەخانەیەکی گەورەی نەخۆشی فیزیکی و دەروونیی. ئەم هەموو مردن و کوژرانانە، ئەم هەموو بێدادیی و تاوانانە هیچیان لە لایەن ئەو رەمزە گەندەڵ و دڵرەق و

ی‌ێویژدانانەی دەسەلاتەوە بە یەک وشەش باسیان ناکرێ وەک نە بایان دیبێ نە باران وەک ئەو تاوانانە دەسکردی سیستمی خیانەت و دزیی وداگیرکاری ئەوان نەبێت. [ وتەکانی چاوپیکەوتنەکەی بانگ تەواو ]

بەم چەشنە لە هەموو نووسین و چاوپێکەوتنێکمدا پەردە ی ساختەیی - م لە سەر بابەتەکانی رۆژ فرێداوە و پرینسیپ و پێوانەی من مافی میللەت وباشترکردنی ژیانی میللەت و گۆڕینی دیمۆکراتیی و دادپەروەرانە بووە بۆ قازانجی خەلک نەک هەڵپەرین بە ئەجندای درۆو ساختەچیتیی دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆن کە بە داخەوە ٣٠سال زیاترە رۆشنبیران و بۆشنبیران بەم بانێک و دوو یان دە هەوایەی جیاوازیی ساختەی پیاوەکانی شاخ لە پارتی ویەکێتی لە لایەکەوەو ئێستاش دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆن لە لایەکی ترەوە هەلدەپەرن و دەنووسن و دەشیرێنن و بێدەنگ دەبن بەبێ ئەوەی جگە لە سەماکردن بۆ ئاوازی حیزبحیزبێنە هیچ بنەما و ئامانجێکی دیاریکراویان بۆ باشترکردنی ژیانی خەلک و داپەروەریی کۆمەڵایەتی هەبێت.
بۆیە بەراستیی هەربەوەش خەمبار دەبووم و خەمبار دەبم کە کەسانێکی خۆشەویست و پاک و دڵسۆز هەبن هێشتا باوەڕیان بە درۆی دەسەلات و سیناریۆکانی هەڵبژاردن هەبێت و داوام لێ بکەن خۆم کاندید بکەمەوە.

2. بۆیە من هیچ وشەو بەلێن و نەخشەو هەنگاوێکی حیزبەکانی کوردیی باشوور، بە دەسەلات و بە ناو ئۆپۆزیسیۆنەوە، بە جددی وەرناگرم و خۆم ناخەمە ئەو ئاستەی گالتە بە خۆم و بە میللەتەکەم بکەم بەوەی وەک شتێکی جددی وەلام و هەلوێست و رەخنەو شیکردنەوە دەربارەی شتێک دەربرم یان بەشداریی لە گەمەیەکدا بکەم کە لە فشەی کاتکوژیی و درۆ لەگەڵ خەڵککردن و خۆهەڵخەڵەتاندن و هەولی هێشتنەوەی باری باوو، ستاتسکۆ، زیاتر نییە. چەندین وتارو شیکردنەوەم بۆ هەرای نێوان مالکی و بارزانی کردو هەرواش دەرچوو: فشەیەکی هاوبەشی نێوان بارزانی و ئۆپۆزیسیۆن.

3. بۆیە هەر وشەیەکم دەربارەی خۆکاندیدکردنم یان نەکردنم وتبا یان راگەیاندنێکم بلاوبکردبایەوە، کارێکی گاڵتەکردن بە خۆم وگومڕاکردنی خەڵک دەبوو کە ئامادە نەبووم بیکەم لە کاتێکدا لام یەقین بوو، بە هەر شێوەیەک بێت هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم ناکرێ و رێگای درێژکردنەوەی ماوەکەی بارزانی دەگیرێتە بەر. یان بشکرێ لە پرۆسەی تەزویرو فێڵ و کڕین و فرۆشتن زیاتر نابێت. لە کاتێکدا هیچ دەستورو یاسا

و چاودیرێیەکی خەلکیش بەسەر  دزو داگیرکەرو گەندەل و تاوانکارانەوە نییەو کاتێک دەسەلات لە سەرەوەو لە دەرەوەی حکومەتە ، پۆستێک دەتوانێت چی بگۆرێت؟

بۆ بەلگەی ئەمەش کە من لام یەقین بوو،  هەڵبژاردن ناکرێت وماوەکە بۆ بارزانی درێژدەکرێتەوە: لە مانگی نیسانی رابردوودا  خۆشەویستان لە گۆڤاری هۆنیا داوای چاوپێکەوتنێکیان کرد و منیش وەلامی پرسیارەکانیانم دایەوە کە لەوێدا لە وەلامی پرسیاری یەکەمیاندا جەختم لەوە کردووە کە بەلێ بارزانی لە ئاست نەزۆکیی و ساختەیی و بێستراتیجیی و بەرنامەیی ئۆپۆزیسۆندا، دەتوانێت  یەکێتیی و پەرلەمان بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی بەکاربێنێت. نازانم چاوپێکەوتنەکە بلاوکراوەتەوە یان نا. بەلام ئەمە دەقی یەکەم پرسیاریان  و وەلامی منە وەک لە مانگی چواردا لە رێگای فەیسبووک و ئیەمایل بۆم ناردوون:

هۆنیا: حەز دەکەم یەکەم پرسیارم بەوە دەست پێبکەم ئایا مەسعود بارزانی مافی ئەوەی هەیە جارێکی تر خۆی کاندید بکاتەوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان؟

کەمال میروادەلی:  تا ئێستا لە کوردستان دەستوورێک نییە کە کاری پێ بکرێت تا سروشتی حوکمرانیی و دەسەلاتی دەزگاکانی و پرۆسەی یاسایی پۆستەکان دیاری بکات. پەرلەمانێش کە دەبوو  بە پێی دەستوور بالاترین دەزگای بریاری سیاسیی و یاسایی بێت بە ێێ دەستوور پەککەتەو بێدەسەلاتە ئەو کاتە نەبێت کە دەسەلاتی نادەستووری سەرووی خۆی، واتە سەرکردایەتی حیزبیی، بۆ رەوادان بە مەبەستی نایاسایی بەکاری دێنێت.

بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ، کە رەوایی یاسایی نییە، چونکە یاسایەکی وا گرنگ دەبێ بەشێک لە دەستوور بێت و لەگەڵ دەستوور یان بە بێ دەستووریش بخرێتە رێفراندۆمەوە، تا رەوایی وەربگرێت، سەرۆکی هەرێم لە دوو دەورە زیاتر مافی خۆکاندیدکردنەوەی نییە.  بەلام دیارە تا ئێستا هیچ شتێک بە پێی یاسا لە هەرێمی بی دەستوورو یاسادا بە ریوە نە چووە.

وەک عورفی بێدەستووریی، بە پێی هەلومەرج و هۆکاری هەنووکەیی، درێژکردنەوەی ماوەی دەسەلاتی کارا چ  هی سەرۆکی دەولەت، چ پەرلەمان، چ حکومەت شتێکی ئاسایی یە و پێشتر کراوە. تا ئێستا وەک وتم  پەرلەمان

به شێوەیەکی نادەستووریی یان بێدەستووریی بۆ ڕەوایی دان بە نایاسایی، بەکارهێنراوەو هەر وا ڕۆیشتووەو ئەوەی پیی دەوترێ ئۆپۆزیسیۆنیش بۆ پاراستنی بودجەو ماچ و ماووچ و مووچەیان، نقەیان لێنەهاتووەو خۆشحالبوون لەو یاریگایە دا دەوری بێ گۆڵی خۆیان ببینن.

لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی دواییدا ئۆپۆزیسیۆن نەیانتوانیوە یەک هەنگاو، یەک کامپەین، یەک دەسکەوت، بۆ دیمۆکراسی و پاراستنی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤی کورد و خەلک بە دەستبێنن. چونکە لە ئەساسدا ئامانج و فەلسەفەو بیرکردنەوەی دیمۆکراسییان هەر نەبووەو نییە. بۆ نموونە دەبوو بەلای کەمەوە تا ئێستا دەستوورو هەموارکردنەوەی یاساو پێرەوی پەرلەمانیان وەک دەسکەوت بەدیهێنابایە. ئێستا بە زمانی دەستوور و یاسا بەرامبەر پرسی سەرۆکایەتی و هەلبژاردن و حکومەت قسەیان کردبایە. کەچی هەرباکیشیان بە نەبوونی دەستوورو فشەیی پەرلەمان نییە و هەمیشە وەک تاکەکەس و سەرکردایەتی حیزبیی لە پشت دەزگا حکومییە پوچەڵەکانەوە سەودایان لەگەڵ دەسەلات کردووە. ئێستاش چ وەک تاک تاکە حیزب، چ وەک گرووپی ئۆپۆزیسیۆنی، خۆیان لە بارەی کاندیدکردنەوەی سەرۆکی هەرێم ساغ نەکردۆتەوە. بۆیە جگە لەو پەرلەمانە یێدەسستوورە بۆشکارە هیچ میکانیزمێکی تری شیوە دیمۆکراتی بەدەستەوە نییە.
بۆیەشتێکی ئاسایی یە گەر زۆرینەی پەرلەمانی هەبێت واتە گەرهەموو یەکیتی پاڵپشتی بکات، یاسای سەرۆکایەتی هەرێم درێژ بکرێتەوەو سالێک یان دوو سالی تر ماوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی درێژ بکاتەوە، یان یاسایەکە وا هەموار بکات کە ماوەی کاندیکردنەوەی بدات.
ئەمە تاکە میکانیزمە کە لە هەرێمی بێدەستووردا هەیە. بێگومان ئەمە زەبرێکی گەورەی تر دەبێت لە دیمۆکراسی و شەرعییەت. بەلام ئەو دیمۆکراسی و شەرعییەتە کوا؟ کەی هەبووە؟ چدەستوورێک پێناسەی دەکات؟ کێ نوێنەرایەتی دەکات و زمانحالییەتی ودیفاعی لێدەکات؟ واتە کوا بەدیل؟ ئۆپۆزیسیۆن هەرگیز نە دیمۆکراتە نە بەدیلی دیمۆکراتییە نە بەرنامەو ستراتیجی دیمۆکراتی هەبووەو هەیە. نەبوونی یان غیاببوونی [دیمۆ] واتە خەلک، لە سیاسەت و ڕەفتاری حیزبی کوردیدا، هێلی هاوبەشی هەموویانە. وەک وتم بۆ پاراستنی بودجەو مووچەیان ئەوان بەشدارێکی کاریگەرن لەو پەرلەمانە شڕەدا کە ڕەوایی بە هەموو نارەواییەکانی دەسەلات دەدات.

ئۆپۆزیسیۆن گەر راست بووایە ، خاوەنی جیهانبینیی و فەلسەفەو ستراتیج و پرینسیپی راستگۆیی و ئەخلاقیی بووایە، هەر لە دوای هەلبژاردنی ٢٠٠٩ ەوە داوای دەستووری دەکردو سوور دەبوو لە سەربەدیهێنانی لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا ئەگینا لە پەرلەمان دەکشایەوە، حکومەتی سێبەری دەبوو، سیاسەتی بەدیلی لە هەموو ئاستەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی ماف و ئازادییەکانی خەلک دەبوو. یان ئەوا بەناشیرینی خیانەتیان لە راپەرینی ١٧ ی شوبات نەدەکرد و شەقامیان بێدەنگ نەدەکردو تەنانەت مافی خۆپیشاندانیشیان نە دەکوشت.

4.دواییش، بۆ من بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییدا خەڕەک نییە و خۆنیشاندان نییە و گەمەیەک نییە کە بە قسەو بۆ خاتری هیچ حیزب و لایەنیک بیکەم و موجازەفەیەک نییە تەنیا وەک دەوترێ بۆ تەحەدداو پرۆسەیەکی بە بێ لێکدانەوەی ئاسۆ و هۆکارەکانی سەرکەوتن، تێیدا بەشدار بم. لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ دا ، لە هەلومەرجێکی بابەتیی باش کە ئەمریکیەکان وبەریاتنییەکان لە عێراق مابوون و بزوتنەوەی گەنجان و حیزبی نوێ دەرکەوتبوون، لە ئەنجامی باوەربوون بەفەلسەفەو دروستکردنی کۆمەلگا وپاشەرۆژیکی نوێ بۆ نەتەوەکەم نەک تەنیا لە باشووربەلکو لە تەواوی کوردستانە خۆشەویستەکەماندا و بۆ دامەزراندنی پرۆسەی دیمۆکراسی راستەقینە وسیستمێکی نوێ کە لەسەر سێ بنەمای سەرەکیی [دەستوور و دیمۆکراسیی و دادپەروەریی ] دامەزرابێت، بە باوەرێکی مەزن بە خوداو خەڵک و خۆم و بۆ پشتگیری پرۆسەی دیمۆکراسیی و گۆڕینی سیستم بەشداریم کرد، نەک بۆ تەحەددای هیچ کەسێک . بە بێ هیچ ئیمکانییاتێکی ماددی و حیزب و رێکخراوێک و لەگەل رێگرتن وگەمارۆی تەواوی میدیای بینراوو بیسراودا ، واتە رادیۆو تەلەفزیۆن، دەرفەتێکی زۆر سنوورداریش لەرۆژنامەکانداو پشتگوێ خستن و بلاونەکردنەوەی هیچ لە وتارو چالاکییەکانم تەنانەت وەک هەوالێکی ئاساییش، کە گەمارۆی وا رەها لە هیچ ولاتیکی دیکتاۆرێشدا نییە، هیشتا، بە پشتیوانی خوداو خەلک و رۆلانی هوشیاری ولاتەکەم.، کە من ئەوە رەفز دەکەم بە کۆیلەو رەعیەتی هیچ حیزب و لایەنێك وەسفیان بکەم، سەرکەوتنی یەقینم بەدەستهێناو، ئەم سەرکەوتنە وەک ئەنجامی دەنگدانەکان لە هەموو ناوچەی سەوز بە ئاشکرایی راگەیەندراو، تەنیا تەزویری ئاشکراش لە هەولێرو دهۆک و بێدەنگی بێئابرووانەی ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەتی گۆڕان و بوونەوەیان بە کۆیلەی بنەمالەی بارزانی، بۆ ماوەی چوارساڵی تر، سەرۆکایەتییەکی تەزویریی ساختەی بە مەسعود بارزانی دایەوە. کە دیارە ئەویش تەنیا و تەنیا بۆ جێقایمکردنی خۆی و

بەرژەوەندیی بنەماڵە و حیزبەکەی بەکارییهێناو هەرێمی کوردستان وەک وڵاتێکی بێ دەستوورو دیمۆکراسیی و یاساو عەدالەت و پڕ لە دزیی و داگیرکاریی و گەندەڵیی و تاوان مایەوەو ئەوەی پێی دەوترێت ئۆپزیسیۆنیش لە پتەوکردنی سیستمی کۆیلایەتی بودجەو کۆیلایەتی و مووچەو خیانەتکردن لە شەقام و خنکاندنی ئەو هەناسانەی هیواو ئازادیی کە هەشبوون، تاقە دەسکەوتێکیان لەم چوارساڵەدا بە دەستنەهێناوە کە جێگەی شەرمەزاریی نەبێت.

5. ئەوە لە هەموو دنیادا باوە: تاقە ڕێگایەک بۆ گۆڕین، بۆ سیستم دانان، بۆ حوکمی یاسا، بۆ زامنکردنی مافوئازادییەکانی تاک و خەڵک دەستوورەو دەستوورەو دەستوورە. ىێباکیی ئۆپۆزیسیۆن دەربارەی دەستوور و تەنانەت ژاوەژاوو دوژمنایەتییکردنی دەستوور و قبولنەکردنی موغامەرەکەی بارزانی بۆ گەڕانەوە بۆ شەقام و ڕای خەڵک دەربارەی دەستوورو هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆکی هەرێم و بەرهەمنەهێنانی دەستوورنامەیەکی دیمۆکراتیی بەدیل کە شێلگیریی لەسەر ڕێفراندۆم لەسەرکردنی بکەن پێش هیچ هەڵبژاردنێکی نوێ، نیشانەی ئەوەیە ئۆپۆزیسۆنێکی چەند جاهیل و ساختەو هەزیلە کە لە پاشکۆو سێبەرێکی تاریکی دەسەلات بەولاوە هیچی تر نییە.

6. جا لەم هەلومەرجەدا ، بە بێ دەستوور و سیستم و زامنی ئازادیی و دیمۆکراسیی هەڵبژاردن و ئۆپۆزیسیۆنێکی زیندووو خاوەن بیرو بەرنامە، هەڵبژاردن و هەڵنەبژاردن، بۆ سەرۆکایەتی یان بۆ پەرلەمان چ دەورێکی دەبێ جگە لە هەڵپەراندنی خەڵک و دروستکردنی لەشکرێکی تری مووچەخۆرو خانەنشینی پەرلەمانیی و شەرعییەتدان بە درۆو ساختەچێتیی و چوار ساڵی تری پر لە دزیی و داگیرکاریی و گەندەڵیی و تاوان.

7. دروشمی من بۆ کەمپەینی سەرۆکایەتی ' سەرەتایەکی نوێ ' بوو بۆ کوردستان: وشەی یەکەم لەم سەرەتایەدا دەستوور، ناوەڕۆکەکەی دەستوور، ئامانجەکەی دەستوور و بنەماو بناغەکەی هەر دەستوور بوو. هەر بە جەختکردنی من لە سەر بابەتی دەستوور و یەکەم بەڵێنم کە لە ماوەی سێ مانگی دوای سەرکەوتنم دا دەستوورێکی هەرە دیمۆکراتی ئەنجام بدەم و بیخەمە ڕێفراندۆمەوە، پرسی دەستوور هاتە کایەوەو بارزانی بە پەلە دەستووری لە پەرلەماندا تێپەڕاند.

8. بۆیە من ئێستا ، وەک سەرۆکی شەرعی هەڵبژێردراوو تەزویرلێکراوو غەدرلێکراو، ئەو سەرەتای نوێیەو بیرو بەرنامەو هیوا و خواستەم بۆ نەتەوەکەم لە نووسینی دەستورنامەیەکی دیمۆکراتییدا ئەنجام داوە و بەم زووانە بەش بە بەش بلاوی دەکەمەوە. هیوادارم ئەم دەستوورنامەیە لە لایەن هەموو رۆشنبیران و گەنجان و دلسۆزانی گەلەکەمانەوە بۆ سەرەتایەکی بەراستی نوێ لە سەرووی جیاوازیی حیزبایەتیی و ناکۆکیی رابردووو ئەجنداکانی هەلخەلەتاندن ودرۆسازیی ، بایەخی پێبدرێت و ببێتە بابەتی دایەلۆگ و گفتوگۆ و بەرپاکردنی بزاڤێکی دەستووریی دیمۆکراتیی لە باشوورو تەواوی کوردستاندا.

تا دەستوورمان نەبێت، نە ولاتمان دەبێت نە هاوولات، نە سیستممان دەبێت نە سیاسەت، نە یاسامان دەبێت نە عەدالەت.

٢ تەمووزی ٢٠١٣